# سیستمی سیاسی ئەندونیسیا







## زانیاری گشتی دەربارەی ئەندەنوسیا

### جوگرافیا

ئەندەنوسیا دەکەوێتە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، و ١٧٥٠٨ دوورگە لەخۆدەگرێت، ئەندەنوسیا دوورگەیەکە دەکەوێتە باشووری ڕۆژهەڵاتی کیشوەری ئاسیا لە نێوان زەریای هیندستان و زەریای هێمن، سنووری وشکانی لەگەڵ مالیزیا و تەیموری خۆرهەڵات و گینیای تازە هەیە. ڕووبەرەکەی: ١،٩٠٤،٥٦٩ کیلۆمەتر چوارگۆشەیە.

## دانیشتوان

ژمارەی دانیشتووان: 253,609,643 کەس، بەپێی دوایین خەملاندنەکان.

ڕێژەی گەشەکردن: 0.95% بەپێی دوایین خەملاندنەکان.

## کەش و هەوا

کەش و هەوای ئەندەنوسیا بە گەرمی و شێدار دەناسرێتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی بوونی هەندێک ڕووەکی کێوی، یەکێکە لەو وڵاتە هەمە چەشنانەی بایۆلۆجی بەهۆی کەشوهەوای گەرم و سروشتی جیاوازەکەیەوە، پلەکانی گەرما بەپێی شوێنەکان دەگۆڕێت، لە شوێنە نزمەکاندا. پلەی گەرمی مامناوەندە، و لە شوێنە بەرزەکاندا نزمە، وەرزەکانی ئەندەنوسیا بەندە بە ڕێژەی بارانبارین، هەروەها ڕێژەی بارانبارین لە ناوچە وشکەکاندا بە ڕێژەیەکی کەم لە شوێنە نزمەکاندا زیاترە، لە کاتێکدا لە شوێنە شاخاوی و بەرزەکاندا زیاترە، ئەم جۆراوجۆرییە ژینگەییە دەبێتە هۆی بوونی زیندەوەری جیاواز.

## زمان و ئایین

زمانی فەرمی لە ئەندەنوسیا زمانی باهاسایە، کە زمانێکە لە زمانی مالایەوە پەرەی سەندووە، جگە لە زمانی ئینگلیزی و هۆڵەندی و سەدان زاراوەی ناوخۆیی، زمانی ئەندەنوسیا بە زمانی سەرەکی دادەنرێت کە دانیشتووانەکەی قسەی پێدەکەن، لە ئەندەنوسیا زۆر ئایین هەن، بەڵام ئایینی ئیسلامی پلەی یەکەم دەگرێتەوە، دواتر کریستیان و مەزهەبەکانی دێت. پاشان ئایینی هیندۆسی و بودایی دێت. و لە یەکێک لە دوورگەکاندا باوەڕیان هەیە بە پەرستنی شتەکان لە سروشتدا، وە هەر ئایینێک پەیرەوی لە باوەڕی خۆی دەکات. وە دەتوانرێت ئاماژە بە ڕێژەی سەدی ئایینەکان بکرێت: 87.2% موسڵمان، 9.9% کریستیان، 1.7% هیندۆس، 0.9% ئایینەکانی دیکەی وەک بودایی و کۆنفۆشیۆس.

## ئابووری ئەندەنوسیا

ئەندەنوسیا پشت بە بەرهەمە کشتوکاڵییەکان و بە بازاڕکردنیان دەبەستێت بۆ بەرزکردنەوەی ئابوورییەکەی، چونکە کشتوکاڵ بە پایەیەکی سەرەکی دادەنرێت لە ئابووریەکەیدا، لەبەرئەوەی خاکی ئەندەنوسیا یەکێکە لە باشترین زەوییە کشتوکاڵییەکان و چەندین کانزا و توخمە گرنگ و خۆراکیەکانی تێدایە بۆ خاکەکە. بە هەمان شێوە نەوت بەشدارە لە بەرزکردنەوەی ئاستی ئابووری ئەندەنوسیا، وە لەم ساڵانەی دواییدا پیشەسازی گەشەی سەندووە و بۆتە ڕەگەزێکی بەهێزی ئابووری ئەندونیسیا.

بەرهەمە سەرەکییەکان: نەوت، غازی سروشتی، قوماش، ئۆتۆمبێل، ئامێری کارەبایی، برنج، فستقی سودانی، لاستیک، کاکاو، زەیتی خورما و شتی ترە.

## پێکهاتەی نەتەوەیی

نەخشەی نەتەوەیی ئەندەنوسیا ئاماژە بەوە دەکات کە نزیکەی نیوەی دانیشتووانەکەی سەر بە نەتەوەی (جاڤان)ن کە لە ڕۆژهەڵات و ناوەڕاستی جاڤا نیشتەجێن، کە ٤٥%ی دانیشتووانەکە پێکدەهێنن. دواتر مادورییەکان بە ڕێژەی ٧,٥%، کە بە شێوەیەکی سەرەکی خەڵکی دوورگەی (مادورا)ن لە ڕۆژهەڵات جاڤا. پاشان (مەلاوی)ەکان 7.5% دانیشتوانەکەی پێکدەهێنن کە بە شێوەیەکی سەرەکی لە دوورگەی (کالیمانتان)ن، نزیکەی 26%ی دانیشتووانەکەی بەسەر ژمارەیەکی زۆر لە نەتەوە بچووکەکانی وەک چینی و هیندی و عەرەبدا دابەشبوون.

## پێکهاتەی سیستەمی سیاسی ئەندەنوسیا

ئەندەنوسیا، بەگوێرەی ئەو هەمەچەشنییەی کە لە سەرەوە باسمان کرد، درێژکراوەی پاشخانی هیندستان، چین، ئەوروپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی تێدایە، هەمەجۆریی کولتووری بەدرێژایی چەند سەدەیەک زۆر ئاڵۆز بووە، و پێکهاتە کلتوریە جیاوازەکان و دیدگای جیاواز و شێوازی ژیانی جیاوازیان بۆتە هۆی فرەچەشنی ئایینی و زمانەوانی و نەتەوەیی و هەموویان بەشدارییان کردووە لە بنیاتنانی بیروباوەڕی بنەڕەتی ڕژێمەکەدا کە لە لایەن سۆکارنۆ لە ١٩٤٥ داڕێژراوە و پێی دەوترێت (پانتاشیسلا)، یان ئەو پێنج بنەمایەی کە گەلی ئەندەنوسیا پەیڕەوی لێدەکەن بەو پێیەی کە لە دەستور هاتووە. ئەوانیش بریتین لە:

1- باوەڕبوون بە یەک خودا(*)

2- مرۆڤایەتی دادپەروەر و شارستان

3- یەکێتی ئەندەنوسیا

4- دیموکراسی بە سەرکردایەتی حیکمەت و دانایی ناوەخۆ

5- دادپەروەری کۆمەڵایەتی بۆ هەموو ئەندامانی گەلی ئەندەنوسیا.

(*) بیری یەك خودا لای سۆکارنۆ (بیرمەندی ئەم هزرە)، واتە: (ئەو مرۆڤەی لەسەر کشتوکاڵ دەژیت هەست بەوە دەکات پێویستی بە خوا هەیە، بەڵام کاتێك دەچێتە قۆناغی پیشەسازی ئیتر پێویستی بە خوا نامێنێت).

## گرنگترین دامەزراوە سیاسییەکانی ئەندەنوسیا

### یەکەم/ دەسەڵاتی یاسادانان

بەپێی ئەوەی دەستوور دەسەڵاتەکانی لەیەکتر جیا کردۆتەوە، دەسەڵاتی یاسادانان لە لایەن دەسەڵاتی یاسادانان و حکومەت دابەش دەبێت، بریتین لە:

### 1- ئەنجومەنی ڕاوێژکاری گەل:

- دەوترێت ئەنجومەنی (پرۆماسیا وەرتان ڕاکیات) یان ئەنجومەنی شورای گەل، بە نوێنەری گەلی ئەندەنوسیا دادەنرێت و لە (700) ئەندام پێکدێت، (500) ئەندام هەڵدەبژێردرێن، و (200) لە کەسایەتییە ناسراوەکان لە نەتەوە جیاوازەکانەوە لەسەر ڕاسپاردەی ئەنجومەنی پارێزگاکان دەستنیشان دەکرێن.
- ماوەی ئەندامێتی پێنج ساڵە و هەموو بڕیارەکانی بە زۆرینەی دەنگ دەدرێت.
- تا ساڵی 1999 (پێش ئەوەی هەموارکردنەکان بکرێت)، ئەنجومەنەکە بەرپرسیار بووە لە کاندیدکردنی سەرۆک و جێگرەکەی بەو مەرجەی کە زیاتر لە 50%ی دەنگی دەنگدەران بەدەستبهێنن، وە مافی ئەوەی هەبووە سەرۆک و جێگرەکەی لە کارەکانیان دووربخاتەوە بە مەرجێک داواکارییەکە لەلایەن زۆرینەی ئەندامەکانیەوە پێشکەشکرابێت. وەک تۆمەتبارکردنیان بە خیانەتی گەورە، گەندەڵی، وە لادان بە مامەڵەکردن بە ناکۆکی لەگەڵ بەرژەوەندی نیشتمانی.

**2- ئەنجوومەنی نوێنەران**: دەسەڵاتی یاسادانانی دەوڵەتە، لە 500 ئەندام پێکدێت، لەوانە 75 ئەندام لە هێزە چەکدارەکان لەلایەن سەرۆک کۆمارەوە دەستنیشان دەکرێن، لە کانونی یەکەمی ساڵی 1999 ژمارەی کورسییەکانی سوپا کەمکرایەوە لە 75 بۆ 38، لە کاتێکدا ژمارەی ئەندامانی هەڵبژێردراو لە 425 بۆ 462 زیادکرا.

لە ساڵی 2004 دا سوپا بە تەواوی لە ئەنجومەنەکە دوورخرایەوە، و هەموو ئەندامەکان بۆ ماوەی پێنج ساڵ هەڵبژێردران.

### بەگشتی ئەنجومەنی نوێنەران چەند دەسەڵاتێکی هەیە:

١- بە ڕەزامەندی سەرۆکی کۆمار دەسەڵاتی دارشتن و دەرکردنی یاساکانی لە یەک کاتدا هەیە.

٢- بڕیاری پەیوەست دەدات پەیوەست بە بودجەی نیشتمانی و چاودێری گشتی ئەنجومەنی نوێنەران.

٣- هەڵدەستێت بە تاوتوێکردن و پەسەندکردنی ڕێساکانی حکومەت.

٤- رەشنوسی یاسای پێشنیارکراوی ئەنجومەنی نوێنەران سەبارەت بە ئۆتۆنۆمی هەرێمەکان وەردەگرێت و گفتوگۆیان لەسەر دەکات.

٥- سەرپەرشتی پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی ناوەندی و هەرێم/خۆجێی دەکات.

٦- دەسەڵاتی چاودێریکردنی بەڕێوەبردنی سامانە سروشتییەکان و سەرچاوە ئابورییەکانی تری هەیە.

٧- شانبەشانی سەرۆک کۆمار بڕیار لەسەر بودجە دەدات.

٨- چاودێری جێبەجێکردنی یاساکان و بودجەی دەوڵەت و سیاسەتەکانی حکومەت دەکات.

٩- داوا لە ئەنجومەنی نوێنەران دەکات، لە کاتی جێبەجێکردنی ئەرکەکانیدا، ڕاوێژ و هەماهەنگی لەگەڵ دەزگاکانی تری دەوڵەت بکات.

**3- ئەنجومەنی باڵای ڕاوێژکاری**: ناوی (دیوان پێرتم بن جان ئاگونگ)ە، نوێنەرایەتی دامەزراوەیەکی ڕاوێژکاری دەکات، کە سەرۆک و ئەندامەکانی ئەم ئەنجومەنە لە حزبە سیاسییەکان و کۆمەڵ و گروپی کەسایەتیە دیارەکان هەڵدەبژێردرێت.

- ئەرکی ئەم ئەنجومەنە ئەوەیە ڕاوێژ سەبارەت بە سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوە پێشکەش بە سەرۆکی دەوڵەت یان جێگرەکەی بکات.
- ئەندامانی ئەم ئەنجومەنە بەرپرسیارن بەرامبەر سەرۆک و هەر ئەویش مافی لە کار لابردنیانی هەیە.
- ئەنجومەنی باڵای ڕاوێژکاری دەسەڵاتی هەموارکردنەوەی دەستوور و دانانی سەرۆک و جێگری سەرۆک و لابردنی سەرۆک و جێگری سەرۆکی هەیە (ئەم ئەنجومەنە لە هەموارکردنەوەکانی دوایی هەڵوەشاوەتەوە).

**4- ئیدارەی هەرێمەکان:** ئەندەنوسیا دابەشکراوە بەسەر 26 پارێزگادا، هەر هەرێمێک لە ژێر دەسەڵاتی (سەرۆکی شارەوانی)ە، کە لەلایەن ئەنجومەنی ئەم هەرێمەوە بۆ ماوەی پێنج ساڵ هەڵدەبژێردرێت. پارێزگارەکانی هەرێم (سەرۆک شارەوانی) دەبێت ڕەزامەندی سەرۆک کۆماریان لەسەر بێت، وە پارێزگاری ناوچەی (جاکارتا) بە تایبەتی دەبێت پەسەند بکرێت، جاکارتا کە پایتەختە لەلایەن سەرۆکەوە هەڵدەبژێردرێت، نوێنەرایەتی پارێزگایەکی تایبەت دەکات، هەروەک (ئاتشیە).

حکومەتی خۆجێی لە سێ ئەنجومەن پێکدێت:

١- ئەنجومەنی هەرێمی.

٢- ئەنجومەنی شارەوانی.

٣- ئەنجوومەنی سەرپەرشتیکردن.

دەسەڵات، پەیڕەوی لە سەرکردایەتییەکی لامەرکەزی دەکات لە ئیدارەی دەوڵەتدا، بەو پێیەی دەسەڵاتەکان دەدرێت بە هەندێک هەرێم و بە حاڵەتی تایبەت وەسف دەکرێن، لەوانەش (ئاتشیا و بوگیاکارتا)، ئەوان دەسەڵاتی یاسادانانیان هەیە: حکومەتی ئاتشیە مافی ئەوەی هەیە سیستەمێکی دادوەری سەربەخۆ پێکبهێنێت، وەک خۆی لە ساڵی ٢٠٠٣دا بڕیاریدا شەریعەتی ئیسلامی وەک یەکەم سەرچاوەی یاسادانان بێت.

وە بوگیاکارتا تا ئێستاش سوڵتانییە. هەرێمەکان ئەنجومەنی ناوخۆیی هەڵدەبژێرن کە ئەرکیان پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی و بەڕێوەبردنی بەشەکانی وەزارەتە ناوەندییەکانە لە هەرێمەکاندا.

**دووەم/ دەسەڵاتی جێبەجێکردن**

سەرۆک کۆمار بە سەرۆکی دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە ئەندەنوسیا دادەنرێت و بەپێی دەستووریش سەرۆک: ١- سەرۆکی دەوڵەت و ٢- سەرۆکی حکومەت و ٣- فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی ئەندەنوسیا و ٤- بەرپرسیارە لە ئیدارە ناوخۆییەکان.

سەرۆک کۆمار و جێگرەکەی لە ڕێگەی دەنگدانی ڕاستەوخۆوە بۆ ماوەی پێنج ساڵ هەڵدەبژێردرێن و دەکرێت بۆ دوو خولی یەک لە دوای یەک حوکمڕانی بکەن، کە پێشتر (پێش ساڵی ٢٠٠٤) لە ڕێگەی ئەنجومەنی شوراوە بووە.

سەرۆک کۆمار وەزیرەکان دیاری دەکات، چ هەڵبژێردراو بێت یان هەڵنەبژێردراو بێت، وەزیرەکان لێپرسراون لە بەرامبەر سەرۆک و هەر ئەویش مافی ئەوەی هەیە لە کارەکانیان دووریان بخاتەوە، خاوەنی دەسەڵاتێکی فراوانە و هەر بۆیەش لە بارودۆخی نائاساییدا بە شێوەیەکی سەربەخۆ وڵات بەڕێوە دەبات.

**سێیەم/ دەسەڵاتی دادوەری:**

بە گوێرەی دەستور دەسەڵاتی دادوەری سەربەخۆیە لە دوو دەسەڵاتەکەی تر، وە یەک یاسای تاوان هەیە بۆ هەموو ناوچەکانی ئەندەنوسیا، دادگای باڵا بە باڵاترین دەزگای دادوەری دادەنرێت، دادوەرەکانیشی لەلایەن سەرۆکی کۆمارەوە دیاری دەکرێن، دەسەڵاتی دادوەری لە کۆمەڵێک دادگای جیاواز پێکدێت، کە بەپێی پسپۆری نێوان خۆیاندا جیا دەکرێنەوە، زۆربەی کەیسە مەدەنییەکان لەبەردەم دادگا نیشتمانییەکان بڕیایان لەسەر دەدرێت، بەڵام تانەدان لە دەسەڵاتی دادگای باڵادایە.

**دادگاکانی تر بریتین لە:**

١- دادگای بازرگانی کە سەیری کەیسەکانی ئیفلاس بوون دەکات.

٢- دادگای کارگێڕی دەوڵەت، سەیری کەیسەکانی یاسای کارگێڕی دەکات کە دژی حکومەتن.
٣- دادگای دەستوری هەڵدەستێت بە سەیرکردنی بابەتەکانی پەیوەست بە شەرعیەتی یاساکان و هەڵبژاردنی گشتی و هەڵوەشاندنەوەی پارتە سیاسییەکان و چوارچێوەی دەسەڵاتی دامەزراوەکانی دەوڵەت.
٤- دادگا ئاینیەکانیش مامەڵە دەکەن لەگەڵ حاڵەتە شەرعیەکان.

## رۆڵی دامەزراوە سەربازییەکان لە سیستمی سیاسی ئەندۆنیسیا

لە سەرەتای ساڵانی نەوەدەکاندا، سوپا یەکێک بوو لە گرنگترین دامەزراوە سیاسییەکان لە ئەندەنوسیا و بە ئاشکرا ئەم رۆڵەی پیادە دەکرد لە ژێر پەردەی رەوایەتی بیروباوەڕ و ئایدیۆلۆژیای سەربازیدا. کە لەسەر بنەمای ئەرکی دووانەی دامەزراوەی سەربازیی دامەزرا بوو. ئەویش بریتی بوو لە: پاراستنی بەرژەوەندی نیشتمانی و بەشداریکردنی لە پشیوانیکردنی دامەزراوەییەکانی دەوڵەت لە رێگەی سەرچاوە دامەزراوەییەکانیەوە.
ئەم سەرچاوانەش مەبەست لێی: ( شارەزاییە ئیداری و رێکخستنەکان بوو کە ئەفسەرانی سوپا بەدەستیان دەهێنا لە میانەی پلە بەرزبوونەوەیان لە ریزی سوپا و دامەزراوەی سەربازیەوە).

**لەگەڵ هەموو ئەمانەدا ئایا دەتوانرێت سوپا بە پایەیەکی سەرەکی دەوڵەت دابنرێت لە ئەندەنوسیا؟**

تویژەرانی سیاسی لەسەر ئەم پرسیارە جیاوازن: لە ماوەی ٣٢ ساڵی دەسەڵاتی سەرۆکایەتی سوهارتۆدا، رۆڵی سوپا سەرەکی و ئاشکرا بوو لە پاراستن و بەرگریکردن لە دەوڵەت لە میانەی رووبەڕووبوونەوە و دژایەتیکردنی کۆمۆنیست و ئیسلامییەکان.
ئەمرۆ سوپا لە پەراوێزی ژیانی سیاسیدایە، بەڵام لە واقیعدا سیاسەتمەدارە مەدەنییەکان ناتوانن مامەڵە لەگەڵ کاروباری دەوڵەت بکەن بە ئارەزووی خۆیان، چونکە کۆمەڵێک هۆکار هەن کە رەنگە پاڵ بە سوپاوە بنێن بۆ گەڕانەوە بۆ ژیانی سیاسی:
وەک فاکتەری دەرەکی، ئەگەر سنوورەکانی وڵات بکەوێتە بەر مەترسی، یان ئەگەر سەقامگیری و یەکگرتوویی وڵات بکەوێتە مەترسییەوە، دەستوور دەسەڵات دەدات بە سوپا دەستێوەردان بکات بۆ پاراستنی، بەو پێیەی سوپا چاودێری گۆڕەپانی سیاسی دەکات. هەرچەندە دەبێت سوپا بێلایەن بێت و رۆڵی سیاسی راستەوخۆ نەگێڕێت.
هەرچەندە کارەکانی رۆژانەی دەوڵەت لە لایەن سیاسییە مەدەنییە هەڵبژێردراوەکانەوە ئەنجام دەدرێت، بەڵام پەیوەندی و جوڵە سیاسییەکانی سوپا لە ئاستە بەرزەکاندا لەگەڵ نوخبەکاندا روودەدەن و ئەمەش کاتێک دەردەکەوێت کە سەرنج دەدرێت سیاسەتمەداران هێشتا پێویستیان

بە ژەنەراڵە خانەنشینکراوەکان هەیە بۆ ئەوەی لە پێکهاتەکانی حزبدا بن، لە کابینەی حکومەتیشدا لە پۆستە ئەمنییەکان و سیاسییەکان بن، کەواتە سوپا توانای بەشداریکردنی لە ژیانی سیاسیدا هەیە.

هەر بۆیە سوپا بە کردەیی بۆتە دووەمین گرنگترین پایەی حوکمڕانی سەرۆکی وڵات، ژەنەڕاڵ سوهارتو، وە لە ڕوانگەی لایەنگرانیەوە سوهارتو ئەو ئەرکە دووانەیەی وەرگێڕدرا بۆ ئەوەی سوپا ڕۆڵی کۆمەڵایەتی و سیاسی فراوانی هەبێت وەک ئامرازێک بۆ بەرزکردنەوەی سەقامگیری سیاسی و کۆمەڵایەتی.

وڵاتانی ڕۆژئاوا بە سەرۆکایەتی ئەمەریکا لە شەست و حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا لە ڕووبەڕووبوونەوەی کۆمۆنیستەکان سوودمەند بوون لە هێزی سوپای ئەندۆنیسی، بەڵام ساتەوەختی گۆڕانکارییەکە دوای دەستلەکارکێشانەوەی سوهارتو لە مانگی ئایاری ١٩٩٨ هات، کاتێک سوپا وەڵامی داواکارییە جەماوەری و نێودەوڵەتییەکانی دایەوە کە وردە وردە پاشەکشەی کرد لە پێگەی خۆی لە جیهانی سیاسەتدا کە هاوکات بوو لەگەڵ بەرنامەی چاکسازی، ئەمەش ڕوون و ئاشکرا بوو لەو کاتەی بەحرەدین یوسف حەبیبی پۆستی سەرۆکایەتی لە سوهارتۆ وەرگرت کە بە خاوەن باکگراوندێکی ڕەوتی ڕۆشنبیرانی ئیسلامی ناسرابوو.

بەڵام ڕۆڵی سوپا بەتەواوی کۆتایی نەهات، چونکە دەیان ژەنەراڵی خانەنشین جلوبەرگی سەربازییان داکەند و پارتی سیاسییان دامەزراند.

## کاریگەری ژینگەی ناوچەیی و نێودەوڵەتی لەسەر سیستەمی سیاسی ئەندەنوسیا

ئەندەنوسیا گرنگییەکی جیۆسیاسی و ئابووری و ئایینی و دیمۆگرافیای هەیە، بەو پێیەی گەورەترین وڵاتی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و جیهانی ئیسلامییە، سیاسەتی دەرەوە و ئەولەویەتەکانی دیپلۆماسی لەسەر بنەمای گەیشتن بە هاوسەنگی لە پەیوەندییەکانی نێوان ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و ئەمریکای ڕۆژئاوا و ئەوروپا دامەزراوە.

هەوڵە دیپلۆماسییەکان لە ڕووی جوگرافییەوە لە دەوری کۆمەڵەی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا (ئاسیان) کۆدەبنەوەو هەوڵدەدات کۆدەنگی بەدەستبهێنێت بۆ کۆتاییهێنان بە گرژییەکانی نێوان ئەندامانی ئاسیان سەبارەت بە ناکۆکییەکانیان لەگەڵ چین لە دەریای باشووری چین. وە ئەندەنوسیا دەرفەتی ئەوەی هەیە کە سوود لە بەردەوامی گەشەسەندنی ئابووری وەربگرێت، سەقامگیری سیاسی و ڕێنیسانسی پیشەسازی سەربازی بۆ بەهێزکردنی پێگەی ناوچەیی خۆی

و دەستپێکردنی دیپلۆماسیەتی خۆی بۆ ئاسۆی فراوانتر کە لە دەوری ناوچەی ئاسیان تێدەپەڕێت بۆ ناوچەکانی دیکە بۆ ئەوەی ببێتە یەکێک لە وڵاتانی تازەپێگەیشتووی ئاسیا.

پەیوەندییە دەرەکییەکانی ئەندەنوسیا لە سروشتی دوورگەییەکەیەوە سەرچاوە دەگرێت، کە لە زیاتر لە ١٧٥٠٠ دوورگە پێکهاتووە، دەکرێت لەم سروشتەوە ژینگەی جیۆپۆلەتیکی دەوروبەری وێنا بکرێت. ٤٠%ی جوڵەی بازرگانی جیهانی بە دوورگەکانیدا تێدەپەڕێت، و درێژبوونەوەی دەریایی ڕێگەی پێدەدات مامەڵە لەگەڵ وڵاتانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بکات بۆ هاوکات لەگەڵ وڵاتە گەورەکان کە دوور نین لێی، وەک چین و هیندستان و وڵاتانی زەریای هێمن کە ئوستراليا سەرکردایەتی دەکات، هەریەکێک لەم وڵاتانە سیاسەت و بەرژەوەندی دەرەوەی خۆیان هەیە لە ئەندەنوسیا یان لەو ئاوانەی کە پیایدا تێدەپەڕن. گرنگی ئاوەکانی ئەندەنوسیا سنووردار نییە بەوەی کە زۆرترین جوگرافیای بە گەرووی مەلاکا دەورە دراوە - بە هاوبەشی لەگەڵ مالیزیا و سەنگافورە - تەنانەت ئەگەر دەریاوانەکان بیانەوێت خۆیان لە گەرووی مەلاکا بەدوور بگرن، ئەوا بەدیلەکانی تریش هەر ئەندەنوسیین، وەک گەرووی لۆمبۆک، بژاردەی گەرووی کاریماتا و دەریای ناتونا کە بە دەریای باشووری چینەوە دەبەسترێتەوە، یان گەرووی ماکاسار و دەریای سولاویسی، و ڕێڕەوی دیکە کە دوورگەکانی ئەندەنوسیا دەبڕن، و ئەم گەرووانە ساڵانە تێپەڕبوونی زیاتر لە ٧٥ هەزار کەشتی بەخۆیەوە دەبینێت.

**هەموو ئەمانەش خۆی لە سێ تەوەری سەرەکی دەبینێتەوە:**

**1- گرنگی ئابووری:** ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا گەشەی ئابووریی بەخۆیەوە دەبینێت، لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا زیاتر لە سێیەکی بەشداریی لە ئابووری جیهانیدا زیادی کردووە، پشکی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا لە بازرگانی جیهانیدا دەگاتە 40%، لەکاتێکدا بۆ ئەوروپا 37% و بۆ ئەمریکا 20%. ئەمەیە کە گەرووەکانی ئەندەنوسیا دەکاتە سەرچاوەی بەرژەوەندی، ستراتیژی و جیۆپۆلەتیکی بۆ ئەمریکا و چین، وەک ئەوەی ململانێیەکی بێدەنگ لەم دەریایانەدا لە نێوان زلهێزەکاندا ڕوودەدات، تا ئەو کاتەی بیل کلینتۆن سەرۆکی پێشووی ئەمریکا باسی کرد ناوچەکە وەک " گرنگترین ناوچەی جیهانە بۆ سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا."

**2- نەوت و غازی عەرەبی و ئاسیا:** ئەمەش بە تەنها بابەتێکی ئابووری نییە، بەڵکو وەک گۆڕاوێک یان فاکتەرێکی جیۆپۆلەتیک و ئابوری لە یەک کاتدا سەیر دەکرێت، چونکە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا خێراترین ناوچەیە لە جیهاندا و بڕێکی کەم نەوت و گاز بەرهەم دەهێنێت، ئەمەش بووەتە هۆی زیادبوونی خواست لەسەر نەوت و گاز. لە ناوچەی عەرەبییەوە کە کەشتیەکانی بە گەرووی مەلاکا و دەریاکانی تری ئەندەنوسیادا تێدەپەڕن بۆ دەریای چین و وڵاتانی باکوری ڕۆژهەڵاتی

ئاسیا تەنها ( چین و ژاپۆن و کۆریای باشوور) ڕۆژانە زیاتر لە 13 ملیۆن بەرمیل نەوت بەکاردەهێنن.

ئەمەش وایکردووە وڵاتێکی وەک ژاپۆن کە دووەم گەورەترین هاوردەکاری وزەیە، ئارەزووی هاوکاریکردنی هەبێت لەگەڵ ئەندەنوسیا و مالیزیا و سەنگافورە بۆ دەستەبەرکردنی گەرووی مەلاکا و ڕێڕەوەکانی تر کە ناردنی نەوت و گاز لە سعودیە و کوێت و قەتەر و ئیمارات و ئێرانەوە پێیدا تێدەپەڕن.

**3- ڕەهەندی سەربازی**: ئەندەنوسیا و وڵاتانی ئاسیان هەوڵدەدەن ناوچەکەیان بە دوور بێت لە چەکی ئەتۆمی یان چەکی کۆمەڵکوژی و دوور بێت لە هەر ململانێیەکی ناوچەیی و نێودەوڵەتی. وڵاتانی ئاسیان دەزانن کە دەورە دراون لەلایەن ئەو وڵاتانەی کە خاوەنی جبەخانەی چەکن کە ڕەنگە مەترسی لەسەر ئاسایش و سەلامەتی ناوچەکە دروست بکات لە ئەگەری ڕوودانی ململانێدا، لە لایەکی دیکەوە چین دەیەوێت ئەو ڕێڕەوە دەریاییانەی کە لە بازرگانی جیهانیدا پشتی پێدەبەستێت مسۆگەر بکات، کە ئەم ڕێڕەوانەش درێژ دەبنەوە بۆ زەریای هیندی لە نزیک کەنداوی بەنگال. وە ئەوەی توانای ئەندەنوسیا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگە ناوچەییەکان دیاری دەکات، تواناکانی بەرگری دەریایی و ئاسمانییە، هەروەها خێرایی بە مۆدێرنەکردنی سوپاکەیەتی بە بەراورد بە وڵاتانی دراوسێ، کە خێراتر هەنگاو دەنێت بۆ کڕینی چەکە تازەکان.

## کێشەکانی سیستەمی سیاسی ئەندەنوسیا

### یەکەم/ دیاردەی گەندەڵی و هەژاری

ئەندەنوسیا ڕووبەڕووی چەندین ئاستەنگ دەبێتەوە، لەوانە دیاردەی گەندەڵی کە لە سەرتاسەری دەوڵەتدا بەربڵاوە کە لە ڕژێمەکانی پێشووەوە بۆی ماوەتەوە، دیاردەیەک کە تا ئێستاش لە ژیانی گشتیدا باوە. دیاردەی گەندەڵی بووەتە دیاردەیەکی ئاسایی لە هەموو دامەزراوەکانی دەوڵەتدا.

سەرەڕای بە تاوان ناساندنی ئەم کارە بەپێی یاسا، بەڵام بەرەنگاربوونەوەی ئەو دیاردەیە قورسە. ئەمەش جگە لە هەژاری، وەک خەملاندنەکانی ئاماری فەرمی دەسەڵات ئاماژە بەوە دەکەن کە ژمارەی خەڵکی هەژار ڕەنگە بگاتە نزیکەی سی ملیۆن کەس بە هۆکاری پەیوەست بە ناهاوسەنگی لە ئابووریدا. 20%ی دەوڵەمەندەکان و 40% چینی ناوەڕاست و 40% چینی هەژار و ئەوانەی ژیانیان لە ئاستی ژیانی هەژاران نزیکە.

## دووەم: کاریگەری نوخبە سیاسییە کۆنەکان

یەکێکی تر لەم دیاردانەی جێگەی تێڕامانە لە ئەندونیسیا بریتیە لە بەردەوامی و مانەوەی نوخبە سیاسییە کۆنەکان وەک بناغەیەکی سەرەکی بۆ هەموو حکومەت و هاوپەیمانییەکان لە ئەنجومەنی نیشتمانی و ئەنجومەنی نوێنەران، بە تایبەت لە پارتی گولکار، ئەمەش لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانیدا ڕوون و ئاشکرایە.

ئەوەی لێرەدا شایەنی باسە سەرباری داوای لێبوردنی پارتەکە لەم ڕێڕەوەی کە وڵاتی تووش کردووە و ژیانی سیاسی بەلاڕێدا بردووە لە سەردەمی دەسەڵاتی سوهارتو و ڕاگەیاندنی گۆڕینی ئایدۆلۆژیای سیاسی خۆی لە پێناوی ئەندەنوسیادا، بەڵام تا ئێستاش ڕۆڵی هەبووە لە شکست پێهێنانی پلانەکانی حکومەت بە مەبەستی دادگایکردنی بنەماڵەی سەرۆک کۆماری پێشوو سوهارتۆ و کەسوکارەکەی بە تۆمەتی گەندەڵی.

سەبارەت بە سوپاش، سەرباری دوورکەوتنەوەیان لە پرۆسەی سیاسی و دیاریکردنی ڕۆڵیان لە پاراستنی نیشتمانی، بەڵام سوپا هێشتا فاکتەرێکی سەختە ناتوانرێت پەراوێز بخرێت.

## سێیەم: بزووتنەوە جوداخوازەکان

سوکارنۆ، سەرکردەی سەربەخۆیی لە ئەندەنوسیا، توانی دانیشتوانی شەش هەزار دوورگە ڕازی بکات کە لە ژێر ئاڵای ئەندەنوسیا یەکبگرن، سەرەڕای هەمەچەشنی و فرەیی لە هەموو شتێک، جوگرافیا، دانیشتوان، ئایینەکان، و زمانەکان. بۆیە هەندێک پێیان وایە یەکگرتوویی وڵاتێکی لەمجۆرە کارێکی ئاسان نیە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێک بزووتنەوەی جوداخوازی لە ئەندەنوسیا بە هۆکاری جۆراوجۆر و لە ناوچە جیاجیاکاندا بەرهەڵستکاری سیاسەتەکانی دەسەڵاتی سیاسی ئەندۆنیسیا بوون، لەوانە تەیموری خۆرهەڵات، ئاتشیە، مۆلۆکاکان، ئیرینگایا. هەندێکیان دۆسیەکانیان داخراوە، هەندێکیشیان هێشتا بەدوای جیابوونەوەدان لە ئەندەنوسیا کە بریتین لە:

### 1- تەیموری خۆرهەڵات و سەربەخۆییەکەی

یەکێکە لە وڵاتە سەربەخۆکانی ئەم دواییە لە جیهاندا، کە دوای ململانێیەکی ٢٤ ساڵە لە دژی دەسەڵاتدارانی ئەندەنوسیا لە دوای کشانەوەی داگیرکاری پورتوگال تەیموری خۆرهەڵاتیان داگیرکرد. ئەمریکا نیگەران بوو لەوەی تەیموری خۆرهەڵات بگۆڕێت بۆ کوبایەکی دیکەی نزیک لە ئوسترالیا.

بەرەی شۆڕشگێڕ بۆ سەربەخۆیی تەیموری خۆرهەڵات (فریتلین) کە بزووتنەوەیەکی کۆمۆنیستییە دژی بوونی هێزەکانی ئەندەنوسیا جەنگا. بە پشتیوانی پورتوگال و وڵاتانی

سۆسیالیستی، و ململانێی چەکداری لە بەشی ڕۆژهەڵاتی دوورگەی تەیمور – کە بەشی ڕۆژئاوای تا ئێستاش بەشێکە لە ئەندەنوسیا – ژیانی زیاتر لە ١٠٠ هەزار کەسی کۆتایی پێهێنا و سەدان هەزار کەسیش لە ماڵەکانیان ئاوارە بوون.

دوای ڕووخانی ڕژێمی سوهارتۆ، نەتەوە یەکگرتووەکان داوای ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی کرد سەبارەت بە چارەنووسی تەیموری خۆرهەلات، سەرۆک محەممەد یوسف حەبیبی سەرپەرشتی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمەکەی کرد، کە لە ئەنجامدا کۆدەنگی لە نێوان دانیشتوانی تەیموری خۆرهەڵاتی زۆرینە کاسۆلیک دروستبوو بۆ جیابوونەوە لە ئەندەنوسیا. وڵاتەکە لە ساڵی ٢٠٠٢ سەربەخۆیی خۆی بەدەستهێنا بە سەرۆکایەتی چنانا گوسماو، یەکەم سەرۆکی تەیموری خۆرهەڵات، کە ژمارەی دانیشتووانەکەی لە دوو ملیۆن کەس تێناپەڕێت.

## 2- بزووتنەوەی ئاتشیەی ئازاد

هەرێمی ئاتشیە دەکەوێتە باکووری دورگەی سوماترا لە ڕۆژئاوای ئەندەنوسیا و نزیکەی چوار ملیۆن کەسی تێدا نیشتەجێیە کە زۆرینەیان موسڵمانی مالایین، خەڵکەکەی بە بەرخۆدانی توندی داگیرکاری پورتوگالی و هۆڵەندا ناسراون. هەروەها ژنەکانیان شانبەشانی پیاوەکانیان لە خەبات و تێکۆشان بەشداربوون. ناوچەکە بە پابەندبوونی ئایینی بەناوبانگە. یاساکانی لەسەر بنەمای یاسای شەریعەت بوو، ئاتشیەش بە دەروازەی خاکی پیرۆز ناودەبرا، چونکە بە درێژایی مێژووەکەی وێستگەیەک بووە بۆ حاجیانی موسڵمان کە لە ڕێگای دەریاوە بەرەو مەککە دەڕۆن، و بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕۆڵەی کە لە بەرەنگاربوونەوەی کۆلۆنیالیزمی هۆڵەندیدا بینیویانە، سوکارنۆ بەڵێنیدا پێگەیەکی تایبەتی پێبدات، کە بریتییە لە داوای دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی لە هەموو وڵاتەکەدا، بەڵام ئەم دۆخە تەنها چەند ساڵێکی خایاند، دوای ئەوەی سوکارنۆ ئەم تایبەتمەندییە تایبەتەی هەڵوەشاندەوە، ئەمەش بووە هۆی نارەزایی شەقامی ئاتشیەی و پەنای بردەوە بەر یاخیبوون لە حکومەتی ناوەندی دوای ڕووخانی سوهارتو.

خەڵکی ئاتشیە داواکارییەکانیان نوێکردەوە بۆ بەشداریکردنی زیاتری سیاسی و گەشەپێدان، لە ساڵی ١٩٧٦دا ، حەسەن تیرۆ بزووتنەوەی ئاتشیەی ئازادی (گام) دەستپێکرد. سەرەڕای نیشتەجێبوونی لە سوید، داوای حوکمڕانی باوباپیرانی دەکرد بەسەر سوڵتانییەتی ئاچەدا، سوپای ئەندەنوسیا 12 هەزار سەربازی لە ناوچەکەدا جێگیرکرد بۆ شەڕکردن لەگەڵ بزووتنەوەکە. هەروەها باری نائاسایی بە سەپێنراو مایەوە بەسەر ناوچەکە بۆ ساڵانێک دوای کارەساتی تسونامی لە کۆتا ڕۆژەکانی ساڵی ٢٠٠٤ کە بووە هۆی گیانلەدەستدانی زیاتر لە ٢٠٠ هەزار هاوڵاتی زیاتر لە نیو ملیۆن کەس ئاوارە بوون، ئەمە جگە لەوەی بە ملیارەها دۆلار زیانی ماددییان

لێکەوتەوە، حکومەتی ئەندەنوسیا کارەساتەکەی وەک دەرفەتێک قۆستەوە بۆ یەکلاییکردنەوەی ململانێکان لەگەڵ بزووتنەوەی GAM، و ڕێککەوتنێکی ئاشتی لەگەڵیدا ئەنجامدا لە ساڵی 2005 لە هێلسنکی، بە مەبەستی کۆتاییهێنان بە 29 ساڵ ململانێی خوێناوی لایەنە سیاسییەکان و ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ناوچەیی.

### 3- جوڵەی باشووری مۆلۆکا

شاری ئەمبۆن کە پایتەختی مۆلۆکاکان بوو، سەرنجی ڕێبواران و کۆلۆنیالیستەکانی ئەورووپی ڕاکێشا بەهۆی دەوڵەمەندی بە بەهارات، بە تایبەت بازرگانی مێخەک (قرنفل) کە لە سەدەی شانزەهەمەوە لەوێ بەناوبانگ بوو، کۆلۆنیالیزمی پورتوگالی و بەریتانی و هۆڵەندی لەسەری دەجەنگان. تا لە ساڵی ١٨١٤ کەوتە چنگی دەسەلاتی هۆڵەندا، بوونی هۆڵەندییەکان بووە هۆی زیادبوونی ژمارەی کریستیانەکان، ژمارەی دانیشتوانی ئەمبۆن نزیکەی دوو ملیۆن کەسە، نزیکەی ٥٦%یان موسڵمانن، نزیکەی ٤٠%یان کریستانن، ئەوانی تریش هیندۆس و بوداین، لە ساڵی ١٩٥٠ بزووتنەوەی کۆماری مۆلۆکای باشوور کە بە کورتی بە (RAMES) ناسراوە، سەرێهەڵدا بۆ سەرکردایەتیکردنی کریستیانەکانی ناوچەکە وەک ڕێکخراوێکی چەکداری بە پاڵپشتی کۆلۆنیالیستەکانی هۆڵەندا دامەزران بۆ ئەوەی یارمەتیان بدەن بۆ وەرگرتنەوەی کۆنترۆڵکردنەوەی ئەندەنوسیا و پاکتاوکردنی بزووتنەوە شۆڕشگێڕەکان دوای کشانەوەی ژاپۆنییەکان، زۆرێک لە ئەندامانی بزووتنەوەکە کۆچیان کرد بۆ هۆڵەندا و لەوێ حکومەتێکی تاراوگەیان (مەنفا) ڕاگەیاند.

لەگەڵ ڕووخانی ڕژێمی سوهارتۆ، بزووتنەوەی جوداخوازی چالاک بوو، لەگەڵ ئەوەشدا ململانێیەکی تائیفی لە ناوچەکەدا لە نێوان موسڵمانان و کریستیانەکان سەریهەڵدا، کە ناوەندەکەی لە شاری ئەمبۆن بوو، جەماعەتی (لەشکری جیهاد)ی ئیسلامی بە سەرۆکایەتی جەعفەر عومەر تالیب دەرکەوتن لە ڕووبەڕووبوونەوەی میلیشیا کریستیانەکان.